# ئاسایشی هەولێر نوێنەرانی هەڵوێستی دەستگیرکرد و ڕەوانەی سنووری پارێزگای سلێمانیان کرد

حیکمەت هاتیپ وتەبێژی نوێنەرایەتی هەڵوێستی لە هەرێمی کوردستان و هەریەک لە ئایدن یالقاچ، سێتکی ڤکار و ناسر یاگیز ئێندامانی نوێنەرایەتییەکە لە هەولێر دەستگیرکراون و ڕەوانەی ئاسایش کراون.

هەر بەپێی زانیارییەکان دوای بردنیان بۆ ئاسایش، بەزۆر ڕەوانەی سنووری دەگەیێنیان کردوون و لەوێ سواری ئۆتۆمبێلیان کردوون و لە سنووری هەولێرەوە ڕەوانەی پارێزگای سلێمانییان کردوون.

لێبارەی ڕووداوەکەوە نە ئاسایشی هەولێر و نە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ لێدوانێك نادەن، بەڵام مەحەممەد عادل یەکێک لە نوێنەرانی هەڵوێستی لە هەرێمی کوردستان بۆ میدیاکانی وت: "بە دوێنێ ئاسایشی هەولێر ئێمەی دەستگیرکرد کە چوار کەس بووین و تا سنووری سلێمانی بردین لەوێش بەزۆر سواری ئۆتۆمبێلی کردین و ڕەوانەی سلێمانییان کردین".

وتیشی: لەسەر ئەو ڕووداوە پرسیارمان کرد کە هۆکاری چییە هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە و تەنها وتیان کارتان لێرە نەماوە، بەمزووانە لێوبارییەوە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی بڵاودەکەینەوە.

پارتی دیموکراتی گەلان-هەڵوێستی ساڵی 2012 لە باکووری کوردستان دامەزراوە و لە سەرەتای دامەزراندنیشییەوە بەفەرمیی نوێنەرایەتی خۆی لە هەرێمی کوردستان کردووەتەوە.